www.kurdistannet.org
19-6-2003 23:40

به ناوی کوردستانی گه‌وره !

# چۆنیه‌تی به‌شی کوردنشینی پارێزگاری خۆراسان له‌ ئێران

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

هه‌روه‌ک ده‌زانین، له‌ باکووری پارێزگه‌ی خوراسان، له‌ ئێران، نزیکه‌ی یه‌ک میلیۆن نه‌فه‌ر کورد هه‌یه‌ و ده‌بێته‌ دو به‌رابه‌ری حه‌شیمه‌تی کۆماری مالتا، که‌ وڵاتێکی سه‌ربه‌خۆیه‌ . زوربه‌ی ئه‌م کوردانه‌، که‌ خۆیان به‌ خۆیان ده‌ڵێن کوردی کرمانج، له‌ شارگه‌لی قووچان، شیروان، بجنوورد، ده‌رگه‌ز و هه‌رێمه‌کانی ده‌ورووبه‌ر، له‌ پارێزگه‌ی خوراسان نیشته‌جێن . پارێزگه‌ی خۆراسان، له‌ باکووری رۆژهه‌ڵاتی ئێرانه‌ .

وه‌ک بۆخۆیان ده‌ڵێن، ئه‌م کوردانه‌ له‌ زه‌مانی پادشایه‌تی بنه‌ماڵه‌ی سه‌فه‌ویه‌وه‌ (نزیکه‌ی چوار سه‌ده‌ پێش) ، به‌ هۆگه‌لی رامیاریه‌وه‌، له‌ ناوچه‌ بادینی نشینه‌کانی کوردستانی گه‌وره‌وه‌، بۆ خوراسان دوور خراونه‌ته‌وه‌ . ئه‌م کوردانه‌، زمان و فه‌رهه‌نگی کوردیان به‌ باشی پاراستوه‌ و هێشتا هه‌ر به‌ زاراوه‌ی بادینی زمانی کوردی قسه‌ ده‌که‌ن . به‌ڵام، به‌ هۆی گوشار (فشار) ی مێژووه‌وه‌، ئایینه‌که‌یان له‌ ته‌سه‌ننونه‌وه‌، بوه‌ته‌ ته‌شه‌ییوع و ئێستا زوربه‌یان شیعه‌ن .

بیرمه‌ند و زانای رێزدار، کاک که‌لیموڵڵا ته‌وه‌ حه‌حودی، که‌ بۆخۆشی کوردی ئه‌وێیه‌ و ئێستا له‌ شاری مه‌شهه‌د داده‌نیشێ، مێژو و چلۆنایه‌تی کۆچی ئه‌و خۆشه‌ویستانه‌ی، له‌ چه‌ند به‌رگدا چاپ و بڵاو کردوه‌ته‌وه‌، له‌ ژێر سه‌ر دێڕی : " حرکت تاریخی کرد به‌ خراسان "، که‌ به‌ زمانی فارسیه‌. له‌م کتێبه‌ به‌نرخه‌دا، زۆر زانیاری باوه‌ڕپێکراو، سه‌باره‌ت به‌م کوردانه‌ خراوه‌ته‌ به‌ر چاو . کاک ئه‌حمه‌د عه‌زودیش، که‌ دانیشتوی شاری بجنورده‌، له‌م به‌ستێنه‌دا، به‌ کوردیش شتی نووسیوه‌ .

ئه‌م کوردانه‌، به‌ هۆی ئه‌وه‌ی که‌ له‌ کوردستانی گه‌وره‌ دوورن و له‌ نێو کۆمه‌ڵێکی ناکورد دا ده‌ژین، بێجگه‌ له‌ ده‌رده‌کوردی گشتی ته‌واوی خه‌ڵکی کورده‌واری، ده‌ردی تایبه‌ت به‌ خۆشیان هه‌یه‌، که‌ زوربه‌ی ئه‌و ده‌ردانه‌، ده‌که‌ونه‌ نیو ته‌وه‌ره‌ی فه‌رهه‌نگی، کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری . یه‌کێک له‌ موشکیله‌کانیان ئه‌مه‌یه‌، که‌وتونه‌ته‌ نێو پارێزگه‌ی خوراسان، که‌ زوربه‌یان فارسن و هه‌ر یاسایه‌کی فه‌رهه‌نگی بۆ پارێزگه‌ی خوراسان داده‌نرێ، زۆر له‌وان ناکاڵێته‌وه‌ .

له‌ لایه‌کی دیکه‌شه‌وه‌، به‌ هۆی ئه‌مه‌ی که‌ پارێزگه‌ی خۆراسان زور پان و به‌رینه‌ و ره‌نگه‌ به‌ قه‌ت وڵاتی ئینگلیس بێ، ده‌وڵه‌تی ئێران، بۆ ئه‌مه‌ی که‌ بتوانێ باشتر پێی رابگا، به‌بینێکه‌ ده‌یه‌وێ، ئه‌م پارێزگه‌ی خوراسانه‌ بکاته‌ سێ پارێزگه‌ی چکۆله‌ تر. که‌ ئێستاباسه‌که‌ی له‌ پارلمانی ئێراندایه‌ .

جا ئه‌گه‌ر بڕیار وابێ، پارێزگه‌ی خوراسان ببێته‌ سێ پارێزگه‌ی بچووکتر، پێشنیار ئه‌مه‌یه‌، که‌ به‌شی باکووری ئه‌م پارێزگه‌یه‌، که‌ وه‌ک له‌سه‌ره‌وه‌ وتم، زوربه‌یان کوردن، ببته‌ پارێزگه‌یه‌کی جیاواز، به‌ ناوی پارێزگه‌ی کر مانج - ئه‌م هه‌نگاوه‌ زۆر به‌ شتێکی باش و ته‌نانه‌ت پێویست ده‌زانرێ، که‌ بێجگه‌ له‌ قازانجی گشتی، بۆ هیچ که‌سیش زه‌ره‌ری نیه‌ . ره‌نگه‌ نوێنه‌رانی ئه‌ندامی فراکسیۆنی کورد، له‌ پارلمانی ئێران بتوانن له‌م به‌ستێنه‌دا شتێک بکه‌ن .

به‌ قه‌ولی فارس ده‌ڵێن، " کبوتر با کبوتر، باز با باز" (کۆتر له‌گه‌ڵ کۆتر، باز له‌گه‌ڵ باز) - به‌م هۆیه‌، بازه‌ راونراوه‌ تێژباڵه‌کانی کوێستانه‌کانی کوردستانی گه‌ وره‌، ده‌بنه‌وه‌ یه‌ک و مافی جیرانه‌تی کۆتریش ده‌نێنه‌ سه‌ر چاویان .

تێبینی کوردستان نێت:

ئه‌م نووسینه‌ بیروبۆچونی خاوه‌نه‌که‌یه‌تی، کوردستان نێت له‌ ناوه‌رۆکه‌که‌ی به‌رپرسیار نییه‌.